# تۆژینەوەکانی ئەمریکا باس لە دابەشکردنی عێراق دەکەن

ئاکۆ مەجید

بەشی یەکەم

لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی رابردوودا **ژۆن بدین** سەناتۆری دیموکراتیخوازەکانی ئەمریکا و **لێزلی گلوب** سەرۆکی ڕوومەتی ئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە CFR بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عێراق داوای پێکهێنانی سێ ناوچەی کورد، سوننە و شیعەیان کرد، خوازیاربوون کە بەشێوەی سێ ناوچەی نیوە سەربەخۆ هەرێمەکان پێکبێن، بەڵام ئەوێ رۆژێ کۆشکی سپی زۆر سەرسەختانە دژی ئەو پێشنیارە راوەستا، تۆنی سنۆ وتەبێژی کۆشکی سپی ئەو بیرۆکەیەی رەت کردەوەو رایگەیاند کە ( بەلقانیکی نویمان ناوێ) ئەمەش واتای ئەوەبوو کە حکومەتی ئەمریکا پێداگری لەسەر عێراقی یەکگرتوودا دەکرد. لەلایەکی دیکەشەوە دەستەیەک لێکۆڵەر بە سەرۆکایەتی جەیمس بەیکەری وەزیری پێشووتری ئەمریکا لەدژی ئەو بیرۆکە و پێشنیارەدا وەستان و رایان گەیاند کە دابەشکردنی عێراق هێڵی سوورەو نابێ دەستی بۆ ببرێ!! بەڵام ئێستا رای گشتی ئەمریکا و رۆشنبیرانی ئەو وڵاتە زۆر راشکاوانە پشتیوانی لەو بیرۆکەیە دەکەن و بە باشترین ڕێگەچارەی دادەنێن.

جەیمس بەیکەر ئەوێ رۆژێ پێیوابوو کە ئەگەر عێراق بۆ سێ هەرێم دابەش بکرێ، دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران فراوانتر دەبێ، هەرێمی شیعەکان وەک ئوستانێکی ئێران رەفتار دەکات!! هەروەها دەوڵەتی تورکیا لە کوردستانی سەربەخۆ هەترەشی دەچێ، بەوهۆیەوە نابێ هێڵی سوور ببەزێندرێ و سێ هەرێمی پێکنەهێندرێ. وێرای هەموو ئەوانەشەوە زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا پێشنیارەکەیان لاپەسند بوو، بە تایبەتی کیلی بایلی سەناتۆری کۆماریخوازەکان، ئەویش دابەشکردنی عێراقی بە تاکە دەریچە دادەنا.

حکومەتی ئەمریکا لەژێر پاساوی رازینەبوونی سوننەکان پێشنیارەکەی رەت کردەوە، پێیوابوو کە کورد و شیعەکان هەڵوێستی ئاشکراو نەگۆڕیان نیە، لەوانەیە داهاتوو بەرەو ئاراستەیەکی دیکەدا بڕوا و دۆستانی ئەمریکا لە دابەشکردنی عێراق نیگەران و زیانمەند ببن. ئێستا دوای ئەوەی کە حکومەتی نوری مالکی رەزامەندی لەسەر یاسای نەوت و غاز داو رێژەی ۱۷% بۆ هەرێمی کوردستان دیار کرد، چاودێران پێیانوایە ئەمە هەنگاوی سەر راستە ریکرد، چاودێران پێیانوایە ئەمە هەنگاوی سەر راستە رێی ئەو پێشنیارەیە کە بەدرەنگەوە هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێتەوەو بەکردەوە عێراق بەرە فیدراڵی دەڕوات.

مەڵبەندی سابن لە پەیمانگەی بروکینجز بۆ تۆژینەوەی سیاسی و ستراتیژی لە واشنگتۆن دا لێکۆڵینەوەیەکی لەژێر ناوی (ڕەوشی ئاسانی دابەشکردنی عێراق The Case of soft Partition in Iraq بڵاوکردۆتەوە، هەوڵی داوە وەڵامی ئەو ئەگەر و پرسیارانە بداتەوە کەسەبارەت بە جێبەجێکردن و لەباربوونی فیدراڵیەت عێراق دەکرێ.

لێکۆڵینەوەکە بەراوردکاری لەنێوان شیمانەی جێبەجێکردنی سێ هەرێمی و ڕەوشی ئێستای عێراقی کردووە،، خۆیشی هەڵبژاردنی شیمانەکەی بە سەرکەوتن نرخاندووە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە ژێرناوی ( پلانی بی Plan B ) کە جۆزێف ئەدوارد لە پەیمانگەی بروکینجز ئامادەی کردووە و شارەزاییەکی باشی لە بواری بەڕێوەبەردنی ناکۆکیەکاندا هەیە، چونکە ناوبراو ماوەیەکی زۆر لەگەڵ هێزە ئاشتی پارێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە بەلقان کاری کردووە، لەو بەستێنەدا ژمارەیەک نووسینی بە چاپ گەیاندووە. لە لێکۆڵینەوەکەدا ناوبراو دان بەو راستیە دەنێ کە ئەو بیرۆکەیە لەنێوەندەکانی فەرمی و حکومی ئەمریکا بە پارێزەوە قسەی لەسەر دەکەن، پێیانوایە کە دابەشکردنی عێراق کارێکی نا ڕەوشتییە، چونکە پێشتر کۆشکی سپی بەڵێنی دابوو عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، هەروەها لەوانەیە دابەشکردنی عێراق خۆبەخۆ ناوچەکە بەرەو نائارامی زیاتر ببات،. چونکە دەستەی دیراسەتی عێراق Iraq Study Group کە جەیمس بەیکەرو لی هاملتن سەرۆکایەتی دەکەن، سەرسەختانە دژی دابەشکردنی عێراقن. ئەوان پێیانوایە کە ڕێژەی هاوسەرگیری تێکەڵاو لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا هەیە، دابەشکردنی عێراق کێشە و قەیرانێکی کۆمەڵایەتی و خێزانی لێدەکەوێتەوە، بە تایبەتیش ئەگەر وەک جوگرافیای جیاواز رەفتاری لەگەڵدا بکرێ. کەچی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی فیدراڵی دانوستاندنی لەسەر دەکرێ، بەڵام دیسانەوە هەندێ لایەنی عێراقی و هەرێمی ڕەتی دەکەنەوە.

دراوسێکانی عێراق بە تایبەتیش عەرەبستانی سعودی و ئوردەن سەرسەختانە لەدژی فیدراڵی عێراق رادەوستن، پێیانوایە کە دابەشکردن شتێکی نوێ نیە و کۆتایی بە ناکۆکی و ململانێی تایفی ناهێنێ.

لێکۆڵەروان لەگەڵ بەشێک لەو بۆچوونانە یەکدەگرنەوە، بەڵام دیسانیشەوە پێیانوایە بۆ ڕەوشی ئێستای عێراق هەڵوەشانەوە یان جیاکردنەوە باشترین دەرفەت لەبەردەم پێکهاتەکانی عێراق دەرەخسێنێ، داهاتوویەکی باشتریان بۆ دابین دەکات.

لێکۆڵەروان دەڵێن ئەزموون پێچەوانەی ئەو وتەیەی سەلماندووە کە دەگوترێ" عێراقیەکان دەیانەوێ لەچوارچێوەی یەک وڵاتدا بەیەکەوە بژین" ئەوەتا لەیەکەمین هەڵبژاردنەکانی نیوە ئازاددا عێراقیەکان دەنگیان بە نوێنەرانی پێکهاتەکانی خۆیان دا، هەروەها توندوتیژی ئاشکرای کردووە کە عێراقیەکان لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا هەست بە ئارامی و ئاسایش ناکەن، ئەو شارانەی کە زۆرینەی یەک پێکهاتەن توندوتیژی تێداناکرێ، کۆچکردن و پەنابردن بۆ شارو ناوچەکان باشترین بەڵگەن کە پێکهاتەکان بە جیاکراوەیی ئارامتر دەژین.

لە بەستێنی دابەشکردندا کوردەکان راشکاوانەترین رامانیان هەیە، هەرچەندە کە سەرکردە سیاسیەکان پێچەوانەی خەڵکەکە بیر دەکەنەوە، بەڵام دیسانیشەوە کوردستانیان حەز بە سەربەخۆیی و جیابوونەوە دەکەن. هەموو پارتە سیاسیەکانیش وێڕای ناکۆکی نێوانیان جەخت لەسەر پاراستنی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە، ئەمە دژایەتی لەگەڵ رامانی سوننەکان هەیە کە ترسیان لە دابەشبوونی عێراق دا هەیە. سوننەکان پێیانوایە کە بەو شێوەیە شیعە جڵەوی فەرمانڕەوایەتی عێراق وەردەگرێ و سەردەست و دەوڵەمەند دەبن، چونکە زۆرینەی بیرە نەوتیەکان لە ناوچەکانی شیعەکاندا هەڵکەوتوون. وێڕای ئەوەش سوننەکان باش دەزانن کە ئیدی وەکو سەردەمی سەدام ناتوانن فەرمانڕەوایەتی عێراق بکەن، چونکە لۆژیک و راستی تێدا نیە کەمینە سەرۆکایەتی زۆرینە بکات. شیعەکان رامان و هەڵوێستی یەکگرتوویان سەبارەت بە یەکپارچەیی عێراق، جیاکردنەوەو هەڵوەشانەوە نیە. هەندێکیان پێیانوایە کە ئەوان زۆرینەن و دەبێ ئەوان حوکم بکەن، بەڵام عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی عێراق کە لایەنگری زۆری هەیە، باوەڕی بە فیدراڵیەت و دابەشکردنی عێراق بۆ چەند هەرێمێک هەیە، لەبەرانبەردا لایەنگرانی ڕەوتی سەدر دژایەتی خۆیان بۆ فیدراڵیەتی شیعە لە خوارووی عێراق پێشان دەدەن.

لێکۆڵینەوەکان جەخت دەکەنەوە کە ئەگەر پلان و نەخشەیەکی گونجاو بۆ دابەشکردنی عێراق نەکرێ، نائارامی و ئاژاوەو ئاڵۆزیەکی گەورە بۆ ناوچەکە دروست ببێ، لەوانەیە وەکو بۆسنەی لێدەربچێ.

لێکۆڵینەوکان دووپات دەکەنەوە کە شەڕی تایفی و نێوەخۆ دیمۆگرافیایێکی نوێ دروست کردووە، کۆمیسارِیای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش پێیوایە کە تا ئێستا یەک ملیۆن عێراقی بۆ وڵاتانی دراوسێ هەڵاتوون، نزیکەی دوو ملیۆنیش لەنێوخۆی عێراق دا ناچاربوونە کە ماڵ و شوێنی ژیانی خۆیان جێبهێڵن و بچنە شارەکانی دیکە. بەو پێی ئەو راپۆرتانە مانگانە نیو ملیۆن عێراقی زێدی خۆیان جێدەهێڵن و رادەکەن. وێرای ئەوەی حکومەتی مالکی هەوڵی گێڕانەوەی راکردووەکان دەدات، بەڵام ئەوان متمانە بە سۆز و بەڵێنەکانی حکومەت ناکەن و ئامادە نابن بۆ ناو توندوتیژی بگەڕێنەوە. شیعەکان لە ناوەڕاستەوە بەرەو باشوور، سوننەکان لە باشوورەوە بەرەو نێوەڕاست، کوردەکانیش لە ناوەڕاستەوە بەرەو باکوور هەڵدێن، کێ دەتوانی رێ لەو کۆچکردنە نەویستراوە بگرێ؟!

**ماویەتی**




# ئاشکرایی یان شاردنەوە؟! حکومەتی هەرێم دووەمیان هەڵدەبژێرێ

رێکار ئەحمەد

هەڵبژاردنی رێگەی دووەم ئاکامێکی خراپ بۆ هەمووان بە دیاری دەهێنێ، بەڵام تا ئێستاش نازاندرێ بۆچی کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دان بەراستیەکان دانانێن و رووداوەکان وەکو خۆیان بۆ گەل ئاشکرا ناکەن ؟! ئەمە پرسیاری سەرەکی شەقامی کوردستانە کە رۆژانە لەگۆشەو کۆڵان و شوێنە گشتیەکاندا دووپات دەبێتەوە.

کاربەدەستانی هەرێم دەبێ ئەو راستیە لەبەر چاوبگرن کە سەرکۆنەو تیراساو ئاماژەکان لە خاڵیکەوە دەست پێدەکەن، دوایی گەورە دەبنەوە. بنەمای کارەکانی رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی ئەوەیە سەرەتا بە هەواڵیک ئاماژە بە رووداوەکان دەکەن، ئەگەر بنبڕنەکراو دووپات کرایەوە لە راپۆرتەکانیاندا ئاماژەی پێدەکەن، ئەگەر دیسانیشەوە رێگری لە دووپات بوونەوەیان نەکرا ئیدی پێشنیار و راسپاردە بۆ ناوەندە بڕیاربەدەستەکان بەرز دەکرێتەوەو دەخوازرێ گوشاری بخرێتەسەر، لە دوایین وێستگەشدا هەوڵدەدرێ کە لایەنی تۆمەتبارکراو سزا بدرێ.

رەوشی ئێستا هەرێمی کوردستان لە قۆناغی دووەم دایە. رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە راپۆرتەکانیدا باس لە پێشێلکاریەکاندا دەکەن، باس لە هەبوونی زیندانی نهێنی و ئەشکەنجەدانی گیراوەکان دەکەن، کەچی زۆرینەی بەرپرس و کاربەدەستانی هەرێم لەجیاتی بابەتیانە لێکۆڵینەوە لە برگەکانی ناو راپۆرتەکان بکەن، ژیرانە رەفتاریان لەتەکدا بکەن، کەچی سەنگەری لەدژدا دەگرن و رەتی دەکەنەوە!!

کاربەدەستانی هەرێم دەبێ بەبیر خۆیان بهێننەوە کە هەر ئەو چالاکڤانانەی بواری مافەکانی مرۆڤ بوون کە باسی تاوانەکانی رژێمی سەدامیان دەکرد، ستەم و پێشێلکاریەکانیان بە جیهانیان ئاشنا دەکرد، ئێستاش هەر ئەوانەن کە باس لەو پێشێلکاریانە دەکەن کە رژێمی تورکیا و هاوشێوەکانی دژ بە کوردان ئەنجامی دەدەن، هەر ئەو چالاکڤانانەشن کە لەنێو راپۆرتەکانیاندا باسی کردووە دزێوەکان و پێشێلکاریەکانی لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان ئاگایان لەو گیراوانەی شەڕی نێوەخۆ هەیە کە بێسەروشوێن کراون، لەجیاتی وەڵامی بنەماڵەی ئەو ونکراوانە بدەنەوە کەچی هەوڵی شاردنەوەی ئەو هەواڵانە دەدەن و نایانەوێ باس لەو کێشەیە بکرێ. ئەوان ئاگایان لەو خەڵکانە هەیە کە بە گومان گیراون و لە زیندانەکاندا راگیراون و هیچیان لەسەر ساغ نەبۆتەوە، نە ئازادیان دەکەن و نە دادگەییان دەکەن، کەچی رێگە لە رێپێوانی بنەماڵەی ئەو گیراوانە دەگرن، هەواڵی گیران و رێپێوان و داخوازیەکانی بنەماڵەی گیراوەکان دەشارنەوە.

کاربەدەستانی هەرێم ئاگایان لەو رەفتارانە هەیە کە هەندێ بازگە دژ بە خەڵک دەینوێنن یان هەندێ پۆلیس و ئاسایش دژ بە رۆژنامەوانان ئەنجامی دەدەن، بەڵام لەجیاتی رێنوێنی کردن، بە پاداشت و دیاری دڵ گەرمیان دەکەن.

کاربەدەستانی هەرێم لاسایی فەرمانڕەوایانی دیکەی ناوچەکە دەکەنەوە، هەموو خاڵەکانی نێو راپۆرتەکان رەت دەکەنەوە، بە دژایەتیکردن و ناحەزی لێکی دەدەنەوە، دەیانەوێ هەموو جیهانیان وەکو ئەوان بیر بکەنەوەو شاباشی کردەوەکانی ئەوان بکەن. هەرێمی کوردستان بە دوورگەی ئارام و واقواقی جیهان بناسن!!

درێژەدان بە شاردنەوەی هەواڵ و زانیاریەکان نەک هەر خزمەت بە رەوشی ئێستا و داهاتووی کوردستان و کێشەکەی ناکات، بەڵکو قەیران و تەنگژەیەکی گەورەش بۆ داهاتوو دروست دەکات.

لەو کوردستانەی کە دەمانەوێ وەک ئەزموونی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناڤین ناوی بهێنرێ، کاتێک کەسێک، رۆژنامەوانێک دەگیرێ، شوێن بزر دەکرێ، لەهەندی باریشدا ئازارو ئەشکەنجە دەدرێ و دەویسترێ بە زۆرەکەی ئەوەی گەرەکیانە بە وتە لێیوەربگرن!! کاتێک رووداوێک دەقەومێ بەبێ لێکۆڵینەوە بڕیاری پێشوەخت دەدرێ و کەسانێک تاوانبار دەکرێن. ئەمە لە کاتێکدا بەپێی یاسا تا ساغ بوونەوەی تۆمەتەکە، کەسەکە بێ تاوانە و نابێ ناوی بزڕێندرێ.

کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم دەبێ ئەو بوێریەیان تێدا هەبێ کە راستی رووداوەکان بۆ کوردستانیان ئاشکرا بکەن، دەبێ هەواڵ و زانیاریەکان کە وەدەستهێنانیان مافی هەموانە بە میدیاکان و بە رۆژنامەوان بدەن.

کاتێک یەکێک بە دەنگی نزمیشەوە داوای چاکسازی و ئاشکرایی لە دامەزراوەکانی حکومەت دەکات، رووبەڕووی دەیان سوکایەتی پێکردن دەبێتەوە. بەیاننامەی لەسەر بڵاو دەکەنەوە، بابەتی جۆراوجۆری لەسەر دەنووسن و پێداگری لەسەر هەڵەو کێماسی و تۆمەتەکان دەکرێ.

کاتێک رووناکبیرێک، رۆژنامەوانێک، سیاسەتوانێک و کەسێکی ئاسایی دەپرسێ" بەرپرسەکان ئەمانەتان لە کوێ هێنا؟!" یەکسەر بە تابووری پێنجەم تۆمەتباری دەکەن. کاتێک هەموو دەرگەکان بە ڕووی جەماوەر دادەخرێن و دەلاقەیەک بۆ گەیاندنی داخوازیەکانی نامێنێتەوە و بە ناچاریەوە بۆ خستنەڕووی داخوازیەکانی رۆژانەی دەرژێتە شەقامەکانەوە بە ئاژاوەگێرو دوژمنی ئەزموونی کوردستان تاوانباری دەکەن و بە گوللە بڵاوی پێدەکەن، دەیگرن و بە قسەی خۆیان ئاقڵی دەکەن!!

کاربەدەستانی هەرێم ئەگەر بیانەوێ بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمان لەسەر کورسی دەستەڵات بمێننەوە، درەنگ یا زوو دەبێ هەنگاوی ئاشکرایی بگرنە بەر، هەواڵ و زانیاریەکان لە بەردەستی گەل دابنێن، دەنا مێژوو بەزەیی بەکەس دا نایەتەوە. رێکخراوەکانی نێودەوڵەتیش بە بودجەو بەخشینی زەوی و زێدەماف بێدەنگ ناکرێن.



rekarahmed@hotmail.com